# راپەڕینی خەڵکی کوردستانی تورکیا

ئێستاکە کاتی ئەوە نزیک بۆتەوە کوردەکانی ئامەد[دیاربەکر] ، وان ، دەرسیم ، ماردین ، مالاتیا ، ئەنتاپ . میرسین ، ئەدەنە و ئەو چەند ملیونەی لە ئەستەمبوڵ دەژین راپەڕن ، بۆ ئەوەی بە گوێی دنیدا بچریکێنن کە مافی کورد لە تورکیای هەنووکە بەچی گەیشتووە . راپەڕین دەبێتە کاردانەوەی گوێڕایەڵی خەڵکی ئەوروپا و ئەمریکا بۆ پارێزگاری کردنی مافی پێشێلکراوی کورد . دەبێتە دەنگێکی فراوان بۆ داواکردنی مافەڕەواکانی کورد لەو پارچەیەی کوردستان . کورد لە تورکیا دەنگێکی گەورەیە بۆ ئەوەی مافەکانی بخاتە بەرچاوی رای گشتی جیهان . کورد دۆسکەی لە مەسەلەی ئەرمەن گەورەترە ئەگەر بێت و بە شێوەیەکی رێکوپێک و ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت . لەشکری تورکیا و حکومەتی ئوردوگان بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد و ئەرمەن لە تورکیا بە دوابخات ، رۆژانە هەڕەشە لەو هەرێمەی کوردستانی عێراق دەکات بۆ ئەوەی کوردەکان




بخاتە ژێر فشاری چاوترساندن و لەبیرکردنی مافەکانی . تورکیا بۆ ئەوەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بپارێزێت هەردەم داوای یەکپارچەیی عێراق دەکات و لە عێراقییەکان و لە عارەب زیاتر باسی دەکات، ئەگەرچی شوفینییەکانی تورکیا هەتاکو هەنووکە چاویان لە ویلایەتی موسڵە و خەون بە نەوتی ئەو ناوچەیە دەبینن . تورکیا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی یارمەتی ئەو تورکمانە جاشانە دەدات کە دەیانەوێت کەرکوک بە تورکیا گرێبدەن و سەروەری تورکیا دەپارێزن . ئەو دەست تێوردانەی تورکیا لە کاروباری ناوخۆی عێراق زۆر لەوە گەورەترە کە هەردوو حکومەتی سلیمانی و هەولێر ، لەکاروباری تورکیا وەردەدەن . ئەو بازرگانانەی تورکیا کە لە هەرێمی کوردستان قازانجیان بەدەستیان دەکەوێت گەلێک زیاترە لەو بازرگانانەی کورد لە تورکیا .

لە ماوەی شازدەساڵی ئازادی کوردستانی عێراق ، گوندەکانی کوردستانی تورکیا گەشانەوە بۆ ئەوەی خەڵکی کورد لە دەسکەوتەکانی کوردستان و ئابووری کوردستان سوودبەخش بن . ئەو گوندانەی کوردستانی تورکیا کە پشت گوێ خرابوون و مافی مرۆڤی تێدا قات کرابوو ، هەنووکە زیاتر بوژاونەتەوە و جموجۆلی بازرگانی تیدا بەدی دەکرێت و خەڵکەکەی هەست بە حەسانەوە و تێر بوون دەکات . کارتێکردنی سیاسیش و هوشیاربوونەوەی فکری زیاتر تێیدا روویداوە . تورکیا لە روخانی رژێمی سەدامەوە هەتا ئەمڕۆکە قازانجێکی زۆری بازرگانی کردووە و ئابووری گەشاوەتەوە ، بەڵام بۆ ئەوەی بەدرۆ نیشانی بدات داوای پاراستنی یەکپارچەیی عێراق دەکات و گریانی تیمساحانە بۆ تورکمان دەرێژێت ، ئەگەرنا لە سەردەمی رژێمی سەدام دا کە مافی تورکمان پێشێلکرابوو تورکیا بۆ بەرژەوەندی ئابووری خۆی تورکمانی کردبووە قوربانی خواستەکانی . هەنووکە تورکمان لە هەرێمی کوردستان مافەکانیان زۆر زیاترە لە مافەکانی خەڵکی سریان و ئەرمەن و کورد و عارەب لە تورکیا . راپەڕینی

**سەرتاسەری خەڵکی کوردستانی تورکیا لە گوللەکانی چیای قەندیل زیاتر کاردانەوەی خۆی دەبێت لەسەر رژێمی شۆڤینی تورکیا ، ئەگەر بێت و لەژێر دروشمێکی نەتەوایەتی دیموکراسی بێت بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی کوردستان .**

**فەهد گردەوانی 2007/11/5 ستۆکهۆڵم**